

# ترپەی دڵو ئاوازی وشە

کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆکوردیە خۆ کردیە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالبی مەعنا دەکات

ئەو کاتانەی بە ناو دیوانەکەی ئەم مەزنە مرۆڤەی کوردا گەشتی ماریفەت ئەکەین زۆر بابەت هەڵوێستەمان پێئەکاتو رامان ئەگرێت. ئەمانەوێت بنەمای ئەو توانا گەورە زمانەوانیو ئەو هزرە بەرفراوانەمان بۆ ئاشکرا بێت، کە نالی زۆر راستگۆیانە وەک بەرهەمێکی مرۆڤانە لە جوانی دەربڕین، وێناکردن، شێوازی دارشتن‌دا بەرهەمی هێناون.

خۆزگە دیوانی نالی هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە نەوەی ئەم وڵاتەی کوردانی پێ گۆش بکرایە، تاوەکو لەگەڵ گەشەو پێشکەوتنی سەردەمەکەدا زمانی کوردی رەوتی سەردەمانەی بگرتایەتە بەرو ئەزموونەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی راستگۆیانە ببونایەتە وانەی بەسودی ئێستاو داهاتووی مرۆڤیان رەونەقدار بکردایە.

ئینجا بە دڵنیاییەوە کۆی بەرهەمەکانی نالی، وەک کتێبی پیرۆز لێی ئەڕوانرا. لە ماڵە موسوڵمانەکاندا ئەخرایە ژێر قورئانەکەوە. هەر نەبوایە ئەبوونە بنەمایەکی گرنگ لە رەوتی بەرەوپێشچوونی بەشێکی بنەماکانی رۆشنبیریو شارستانی کوردەواریدا. نهێنی ئەو نەمرییەی نالی وەک هەموو شاعیرو روناکبیرێکی نەتەوەکانی‌تر لە ئاسمانی نەتەوایەتیماندا ئاشکراتر ئەبوو. جەبران خەلیل جەبران لە پارچە شیعرێکدا، کە زۆر بە جوانی هۆنیویەتییەوەو دەنگی زوڵاڵی فەیروز ئەوەندەی‌تر جوانی کردووە ئەڵێت:

أعطيني الناي و غن فالغناء سر الخلود

و أنين الناي يبقى بعد أن يفنى وجود

لێرەدا ئاشکرا جەبران داوای نەیی ئەکاتو ئەیەوێت نهێنی مانەوەی لە ئاوازێکدا بە هۆی بابەتێک، کەناڵەی مرۆڤو نەیەکەیەو دەستکردی مرۆڤ خۆیەتی لە هەناسەی لێدانێ نەیو وشەو ئاوازی گۆرانیەکەوە بسەلمێنێت. کەچی نالی دەیان ساڵ پێش ئەم شاعیرە ئەڵێت:

**تا چاكی نەكەی پڕ لە هەوا سینەیی ((نالی))**

**وەک زەنگەڵە ئاوازەیی ناڵەی دڵی نایێ**

نالی نهێنیو ئاوازو بوونو مانەوەی بەردەوامی لە خۆیدا واتە لە مرۆڤدا كۆ كردۆتەوە. داهێنانو گەورەییو بەرفراوانی بیری نالی لەوەدایە، كە زانیویەتی تەنها مرۆڤ خۆی لە توانیدایە لە نەمریو بوون بدوێ. مرۆڤ خۆی وشەو نەیو ئاوازی نەمریی بەرهەم هێناوە. داواكاریو ئەركی تەشەبووسو چاوەڕوانیو پاڵدانەوەو دانەدەستی تیادا نییە. بە پێچەوانەوە هەوڵو جوڵەو كارو هەناسەی مرۆڤ خۆی ئاوازو نەیو نهێنی بیرو رەونەقی مانەوەی بە گەورەییو نەمری ئەهێڵێتەوە. لەبری بەلاوەنانو ون بوون، كە *چایكۆفسكی* ئاسا لەگەڵ ئاوازە موسیقیەكاندا دەنگی مرۆڤی تێكەڵاو كرد. چونكە ئەویش وەک نالی لەو باوەڕەدا بووە، كە هیچ دەنگێک نییە وەک دەنگی مرۆڤ لە هەستی ئازارو چێژ بدوێ. ئەوە نالیە گەورەیی بوونی خۆی لەگەڵ هەناسەو ترپەی دڵو تەزوی بیری هزرمەندانەی بەرامبەرەكەیدا بەردەوام كردووە. نەیو ئاوازی ناچار كردووە جوانترینو شایستەترین مانەوەو نەمری بە مرۆڤ ببەخشن. تاوەكو تاكە مرۆڤێک بەم زمانە بدوێ ئەو نەمریەش ئاوازی راستەقینە بۆ مرۆڤایەتی ئەچڕێ.

ئیسماعل فەرەج

سێپتەمبەری٢٠١٤